وەزیری دەرەوە بە تاوتوێکردنی پرسی ئاو و پتەوکردنی هاوکارییە دووقۆییەکان دەگاتە ئەنقەرە

ئەمڕۆ هەینی، فوئاد حسێن، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، بە سەرکایەتی شاندێکی فەرمی عێراق،بە سەردانێک گەیشتە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان عێراق و تورکیا لەسەر مەلەفی ئاو.

حسێن سەرکایەتی شاندی عێراق دەکات کە لە عەون دیاب عەبدوڵا وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان و کادیرێکی تایبەتمەند لە وەزارەتەکانی سەرچاوەکانی ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە، جگە لە پسپۆڕانی هەرێمی کوردستان، بە بەشداریکردن لە گفتوگۆ تەکنیکییەکانی پێویست بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و ڕێکخستنەوەی بەکارهێنانیان بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو وڵاتی دەست بەدیبهێنێت.

بەیارە فوئاد حسێن لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی تورکیا کۆبەتەوە بە گفتوگۆکردن لەسەر پێوەندییە دووقۆییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، بەتایبەتی سەبارەت بە پەرەپێدانی هاوکارییە ئابووری و ئەمنی و سیاسییەکانی نێوان هەردوو وڵات.